# زەرد زەردم وەک زەردی،ڕەش ڕەشم وەک ڕەشی

ئارام ئەحمەد علی



ئەوەی کە ئێواران.....
ئەودەمانەی گەڵایەکی مێینە
خەوبەڕووخۆشی هەڵم و
پێکەنینی چەمەوەدەبینێت،
دێتەبەر پلووسکی چاوەکانم،بێڕەحمی خۆم و
کەم لوتفی باران وسپڵەیی ئەوە،
ئەوەی کەشەوان تووڕەم دەکاو
وام لێدەکات بەخۆم بڵێم،
ئەی شەکری شەوانی دەیجوور
ئەی سیما پاییزی و
ئاوێتە بوو بە نووری خوا،
بۆچی دەسبەرداری گرتنی کراسەکەی دایکت و
گریانەکانی منالێت نابی!
بۆچی لەم سوچی غوربەتا
تا بێت تورەییەکانت زیاد دەکاو
شەوەکانت زیاددەکاو
داناسکنێی!.
ئەوەی کەشەوان دێتە خەوم
کەم لوتفی تابووتێکە
لەوبەیانیەوە کە چرۆئاسا سەرم دەرهێنا
چاوەڕوانم ونایەو نایە،
ئەوەندە لەگەڵ خۆم دواوم
بووم بەدوانەی غەمێکی خۆڵەمێشی
بووم بەنیشانەی پرسیارێکی بێ وەڵام
بووم بەکۆترێکی لانە ئاڵتوونی،وەلێ نابینا،
بووم بەکارئاسکێکی کەڵەگەت
وەلێ بەدوو قاچی لەنگەوە ڕێدەکەم و

دەستەکانم پێم پێدەکەنن.
بەیانیەک بەرلەوەی
زەنگی کەنیسەیەکی فاسید ئاگایم ئاورشێن کا
بەدوای منالێی خۆم وناميهرەبانیەکانی ئەودا دەگەڕێم،
دەڵێی پایزم لەکۆشی بەفرا
دەڵێی بەفرم لەپێخەفی مەرگا،
من ئاسان ئەوم ناسی
تەقەلاکانی ئەوبۆ ناسینم
کلوە بەفری بەر ڕەشەباو
تنۆکەخوێنی ژێرپێ بوون،
وێنەیەکی یاقوتی ومەرگێکی ناوادە لە لەپمایە
زەوی بەدیار زەردبوونمەوە باوێشک دەدا
گریان بۆم دەگری و
لەقەهری ئەودوانەی گریانە
لەفیراقی ئەم زەردی خەزانە
دەبمە وێنەیەکی لەخۆم نەچوو
دەبمە دەفرێکی سەرئاوکەوتوو،
هەڵدەسم و
ڕێحانەکان یاریم پێدەکەن
دنیا بەزەردیم قاقا لێدەدا.
ئەی دایکی من!
ئەی ڕەنگ حاجی شێخی و
ترشەکانی پشت ماڵی خۆمان،
ئەی دڵە گەورەکەی ئەلیاس و
کانیەپاکەکەی چوارباغ،
لەبن دارهەرمێکەی حەوشەکەی خۆماناچاوەڕێتم
چاوەڕێتم بێیت وبمپێچیەوە
بمکەیتەوەبەمەلۆتکەیەک و
بمدەی بەدەم چەمی گەورەو
لەناو گۆمە نۆعەمودیەکەی خۆمانا
گۆڕێکم لە بەهێ بۆ هەڵکەنی،

وەلێ بەهێیەک گەیوو گەیوو
وەک من کەهەمیشە ئالودە بەگەیووی مەرگم و
کەچی نایە،
ئەوەندەچاوەڕێم کردی
وابالندەکان سوێیان دەبێتەوە،
وانیشانەکانی بوون دەسڕێنەوە.
تۆلەڕوناکی و لەهەوا پێوویستری
تائێستاکەس وەکوتۆ خۆشی نەویستووم و
کەس بەدیار گریانمەوە
ناوچاوی خۆی نەپێچاوە،
کەسێک ئێواران لەسوچی دەرگایەکدا چاوەڕوانیم زەردی ناکاو
دەستێک نابێتە سێبەری دووچاوی سیاپۆش و
بانگم ناکا،
سالان دەڕواو من هەربۆنی تۆم لێدێ
سالان دەڕواو من بەشوێن تۆدا دەگەڕێم،
ئەی خودای من!
بۆ یەک جار وەرەوەو
بەخۆشەویستی دام پۆشە
شێتیەکانم لەباوەش گرەو
قومێ شیرم پێ ببەخشە،
ئاخر،زەرد زەردم وەک زەردی
ڕەش ڕەشم وەک ڕەشی.